# هەوڵەکان بەردەوامە
# بۆ بەجیهانیکردنی جینۆسایدی کوردان



لە رۆژی ٢٠٠٧/٩/١١ لەدیوانی وەزارەت بەرێز د٠شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەرێز د٠دیندار زێباری رێکخەری حکومەتی هەرێم لەگەڵ UN کرد٠ لەم دیدارەدا کە سەعاتێکی خایاند جەختیان لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ و رۆڵی UN کردەوە لەمەڕ بەرزکردنەوەی ئاستی کارەکانیان بەتایبەت لە هەرێمی کوردستاندا٠٠٠

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا دوو تەوەری سەرەکی باسی لێوە کرا ئەویش دەرچوونی بڕیاری ١٧٧٠ کە تایبەتە بە چالاککردنی رێکخراوی UN و هەردوو لاش کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە دەکرێ ئەم رێکخراوە جیهانییە کاریگەرییەکانی خۆی زێتر بکات بۆ زامنی مافەکان و تێڕوانینیان بە چاوێکی دبلۆماسیانە بۆ ئەم دەڤەرە بەتایبەت کە دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە وا چاوەڕوان دەکرێ رۆڵی UN گەورەتر ببینرێ بەتایبەت لەو بارەگایەی کە لە هەولێر هەیانە٠

لەتەوەرێکی تری ئەم دانیشتنە وەزیری مافی مرۆڤ رایگەیاند:

لەهەوڵداین لە رێگای رێکخراوی( UN)ەوە ئەو بڕیارەی دادگای باڵای عێراقی کە تاوانی ئەنفالی دەرهەق بەگەلی کورد بەجینۆساید ناوزەندکرد بیگەیەنینە هەموو دونیا تا شەرعیەتی جینۆسایدی کورد ببێتە بڕیارێکی جیهانی٠